
**عەباس شوان**
AbasShiwan-Finland

# بمرێ ڕەحمانی ڕەحیم، بژی ئێزیدییەکان!



**هیشام ئاکرەیی، بەناونیشانی کۆمۆنیست و چەپەکان و پارتەکانی کوردستانی دەستخۆشی لە کۆشتنی ژنان و ئێزدیەکان دەکەن بابەتێکی بڵاکردۆتەوە، وەک دیارە باس لەلایەنێکی ئەو ڕووداوە قێزنەوەنە و هەوڵوێستی دەستە و گروپە جیاکان دەکات. ئەو نووسینەی وای لێکردم منیش بێمە پەیڤین، لایەنێکی دی ئەو ڕووداوە و هەڵوێستگیری دەستە و گروپەکان بخەمە بەر باس.**

**بێدەنگی ئینجا بێدەنگی و بێدەنگییەکی دی تا ئاستی کەڕوکاسی! ئەبێ حیکمەتی ئەو بێدەنگییە بۆ هەژموونی زاڵ و قوڵی کەلتووری ئایین ئیسڵام لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا نەبێت؟ ئەوەی کە پارتە سیاسییە بچووکەکان وا لێ دەکات هەڵوێست لەبەرامبەر کارەساتێکی وادا نەنوێنن، بۆ ئەو تێکەڵییەی بەربینی بەکوردستانی باشوور لەئاستی گشتی و تایبەتی گرتۆتەوە. وەک ئاشکرایە پارتەکان نوێنەرایەتی توێژ و چینەکانی نێو کۆمەڵگا دەکەن، بەجۆرێکی دی هزری بیرکەرەوەی، نوخبە = هەڵبژاردە ئەوانەیە، لەخاڵێکی وادا دەردەکەوێت ئەو پێناسەیە وەک هەر شتێک و دیاردەیەکی دی بەسەقەتی پراتیک دەکرێت و لێی تێگەیشتوون!**

**جا کارەساتەکە لەوەدایە نوخبە وەک خەڵکی ئاسایی بیر بکاتەوە، ئایا پەیامی نوخبە دەبێت وەک هێزی ڕاوڕووت بێت؟ خۆی بداتە دەست ئەوان یان بەپێچەوانەوە ئەبێت ئەوان بیرفراوان و دووربینتر، خەڵکی بجووڵێنن و ئاڕاستە بکەن. مێژووی دوور و نزیک وامان پێدەڵێت کە جەماوەر تەشبیە نەبێت وەک دەزگای جێبەجێکردن پۆلیس وایە، بەفەرمانی نوخبە کار ئەنجام دەدات. ئەگەر کۆمەڵگایەک نوخبەی ژیری لەهەموو بوارەکاندا نەبێت و کەم بێت ئەو کاتە فەوزا وئاژاوە باڵا دەست دەبێت، وەک ئەوەی لەئێستای کوردستانی باشووردا سەرووەرە!**

**لەم ڕووداووە، نابێ لایەنی خودی فەرامۆش بکرێت. ئێزیدییەکان پێویست دەکات، چاوێک بەخۆیاندا بگێڕنەوە، بزانن ئایا بۆ تێگەیاندنی جەماوەری کوردستان تا ئێستا چییان کردووە، خۆ مۆڵەت هەڵی کارکردن پڕ زۆرە. هەڵمەتی ڕاگەیاندن، بەقوڵی و چڕی و بێ پشوو، کاری هەرئێستایە، بەخاتری ئەوەی بەر بەڕووداوی پێشبینی کراوی دی بگیرێت.**

**وەک کەسێکی ئاتائیس، ناتەبا لەگەڵ هەر جۆرە ئاینێک، هێندەی یەزیدی و زەردەشتییەکان و کاکەییەکان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای کوردستانن، بەنزیک لەهزری کوردەوە دەبینم، هاوسۆزم لەگەڵیاندا نیو هێندە لەگەڵ ئایینی زاڵ و بەزۆر سەپێنراوی ئیسلامیدا نیم و هەمیشە نەیاری و دژ بوونی خۆم پیشانداوە. کەواتە بمرێ ڕەحەمانی ڕەحیم، بژی شەیتان و ئێزیدییەکان.**

2007/02/22